Kurdistannet کوردستان نێت

# پرۆسەی دادگایکردنی سەدام و دارودەستەکەی لە تێڕوانینی یاساناس و پسپۆرانەوە



**ڕۆژی ٢١/٨/٢٠٠٣ لە فەرهەنگی یادەوەری کوردا ڕۆژێکی مێژووییە چونکە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد لە دادگادا داواکار وشکایەتکارانی کورد ڕووبەڕوویان بوونەوە و سەرانی ڕژێمی بەعسیش بە سەدامی دیکتاتۆرەوە وەک تاوانبار لەو دادگایەدا ئامادەبوون.**

**لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ڕەوتی دادگاکە لە نێو خەڵکیدا گازەندە دەبیسرێت کە پارێزەرانی کورد و شایەدەکان و پرۆسەی وەرگێڕانە کە لە ئاستی پێویست نەبوون، پسپۆڕی یاسایی و کەسانی پسپۆڕ لە بواری داکۆکیکردن لەسەر ئەنفالمان وەرگرت کە هەریەکە و بە بۆچوونی خۆی و لە ڕووی شارەزایی و پسپۆڕی خۆیەوە لەمەڕ پرۆسەی دادگایکردنەکە دوان..**

**ڕاپۆرت/نامق هەورامی**

**سەرەتا بەڕێز شیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی:**

ئەوەی وەک یاساییەک من دەمویست داواکاری گشتی لە دادگادا باسیکرد. پێم وایە جارێ زوە حوکم لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادگاکە بدەین، چونکە پرۆسەکە جارێ لەسەرەتادایە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین قسەلەسەر هەندێک لایەنی دادگاکە بکەین.



شیروان حەیدەری

*** دادوەر/** ئەو دادوەرەی سەرپەرشتی دادگاییەکە دەکات بەڕاستی خاوەن ئەزموونە و بەشێوەیەکی گونجاو دادگاییەکە بەڕێوەدەبات.

*** وەرگێڕان/** ئەو وەرگێڕانەی کە قسەی شایەدەکانیان دەکردە عەرەبی لە ئاستێکی لاوازدا بوون، بۆیە پێویستە ئەگەر تا ئێستا نەگۆڕدرابن دەبێت بگۆڕدرێن، چونکە وەرگێڕان لە دادگاکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ بەتایبەت ئەگەر ئەوانەی لە دادگاکەدا قسە دەکەن پەیوەندار بن بە مەسەلەکانەوە ئیدی شاهید بێت یان تاوانبار، بۆ ئەوەی ئەوەی کە شاهیدەکە دەیلێت وەک خۆی وەربگێڕدرێت چونکە یەکێک لەو شتانەی دادگا ئیعتیمادی دەکاتە سەر قسەی شاهیدەکەیە

*** داواکاری گشتی /** ئەو مورافەعەیەی ئیدیعای عام بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و وردی چویە ناو مەسەلەکان و ئەوەی لە دەروونی و ناخی هەر یەکێک لە ئێمەدا بوو ئەوان خستیانە ڕوو، من وەک یاسا ناسێک زۆر لە داواکاری گشتی ڕازیم و ئەوەی کە هەریەک لە ئێمە دەیویست لە ڕووی شیکردنەوە و یاساییەوە لەوێ باسکرا سەبارەت بە تاوانی ئەنفال، داواکاری گشتی بەوردی چوبویە ناو مەسەلەکانەوە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی یاسایی بۆ تاوانەکە کرد.

*** دەستەی بەرگری تاوانباران:** دەستەی بەرگریکردن لەسەدام و دارودەستەکەی زۆر لاواز و ناشارەزا بوون و لە مەسەلەکان نەگەیشتبوون و بەڵگەشم ئەوەیە کە دادگا هۆشداری دایە دەستەی بەرگری تاوانباران و

به یەکێکیان گوت تۆ ئەوراقەکانت خوێندوەتەوە ئەویش لە وەڵامدا گوتی نەخێر، دوبارە پێی گوتەوە کە ئەوراقەکانت نەخوێندوەتەوە چۆن هاتیتە دادگاوە و بەرگری دەکەی لە تاوانبارێکی وا؟

لێرەوە بەڵگە دروست دەبێت بۆیە دەڵێین لاوازە و بەرگریکردنەکەشی مەسەلەیەکی سیاسییە نەک یاسایی بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ دادگا دروست بکەن.

*** پارێزەری قوربانییەکان/** ئەو پارێزەرە کوردانەی کە پارێزەری خەڵکە ئەنفالکراوەکەن تا ڕادەیەکی باش کار دەکەن و هیوادارین لەمەودوا وریاتر و وشیارتر بچنە ناو مەسەلەکان و مواداخەلاتی باشتر بکەن و لە کاتی قسەکردنی شایەدەکاندا ڕونکردنەوەی زیاتر بدەن.

وەک لەسەرەتاوە گوتم جارێ زوە حوکم لەسەر پرۆسەکە بدەین بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاستی دادگاکە باشبوو لەوەش گرنگتر قسەی خودی تاوانبارانە ئەمە وێڕای زۆری بەڵگە و دیکۆمێنت لەسەر تاوانەکانی ئەنفال و دیارە وەک دەزانین ئەنفالەکان هەشت قۆناغن و ئێمە جارێ لەسەرەتای قۆناغی یەکەمداین.

کە دەڵێم قسەی تاوانباران مەبەستم لەوەیە بە وردی کاری لەسەر بکرێت، یەکێک لە تاوانبارەکان گوتی: ئێمە بۆیە ئەوەمان ئەنجامدا لەبەر ئەوەی موهەدەد بوین کە شەڕی عێراق ئێراندا بەوەی بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بروخێنن و بەغدا ژێرئاو بکەوێت.

باشە ئەوە لە دەربەندیخان و دوکان ئەوە بوو ئەی لە بادینان بۆ؟ بۆ بەهەشت قۆناغی نەخشە بۆ کێشراوی جیاجیا ئەو پرۆسەیە ئەنجامدرا؟

ئەمە قۆناغەکانی لە ناوبردنی نەتەوەیەکن واتە قۆناغەکانی جینۆسایدی کوردن.

بەرگری لە خۆکردنی تاوانباران خۆی لە خۆیدا دیکۆمێنتە لەسەر ئەو تاوانە.

عەلی حەسەن مەجید دەڵێت: ئەنفال لە ١٩٨٨دا نەبوو لە ١٩٨٧دا بوو، کەواتە ئەمەش بەڵگەیە..

پێویستە پارێزەرە کوردەکان لەسەر ئەم قسانە مواداخەلات بکەن.

**کاکە ڕەش نەقشبەندی- نەقیبی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان: پارێزەرە کوردەکان لەوە وریاتر و شارەزاترن کە خەڵک تەسەوری دەکات:**

بەڕاستی بەڕێوەچوونی دادگاکە زۆرباشە، دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە.

بۆ نموونە ئەوانەی لەوێ قسە دەکەن شاهید نین، ئەوانە داواکارن و کاتێک پارێزەرانی تاوانباران موناقەشەیان دەکەن بۆ ئەوەیە شایەتی دانەکەیان لاواز بکەن و هەندێک شتی تێدایە نەچەسپێت کە لە زیانی تاوانباراندایە.

هەروەها پارێزەرەکانی ئێمە جارێ نۆبەتیان نەهاتووە کاتێک تاوانباران قسە دەکەن ئەو کاتە پارێزەری قوربانییەکان موناقەشەیان دەکەن.

دەگوترێت پارێزەرەکانی تاوانباران دەم هەراشن و ئەوانەی ئێمە بێدەنگن، مەسەلەکە بەو جۆرە نییە



**کاکە ڕەش نەقشبەندی**

ئەگەر پارێزەرێک قسەی زیاد بکات مانای چالاکی نییە بەپێچەوانەوە پارێزەر لە دادگادا چەندە بتوانێت سەنگی خۆی ڕاگرێت و بە یاسایی بجوڵێتەوە ئەوەندە سەنگین دەبن، بەڵام کە لە تەلەفزیۆن هەموو ئەو شتانە نیشان نادرێت لە تەلەفزیۆندا بۆیە خەڵکی ئێمە بەو شێوەیە حوکم دەدەن لەسەر ڕەوتی دادگاکە.

بۆیە خەڵک دڵنیا دەکەم پارێزەرانی کورد کەمتەرخەمییان نەکردووە و ئەمەش سەرەتایە و کاری باشتریش دەکرێت و سەدام و داروودەستەکەشی ناتوانن نکۆڵی لەو تاوانانە بکەن، چونکە بڕیار و بەلاغە سەربازییەکانیان ماون هەر ئەوانە بەسن بۆ تاوانبارکردنیان ئەمە جگە لەوەی هەندێک لە تاوانبارەکان بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن هەندێک ئیعترافیان کردوە لە کاتی قسەکردندا..

**بۆ نموونە سابر دوری دەڵێت:** ئێمە بەرنامەمان دانا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، ئەمە ئیعترافە... باشە بەرنامە دانرا بۆ ئەوەی ڕێگە لە هاتنی هێزی ئێران بگیرێت بۆ هاتنی بۆ ناو دەربەندیخان و دوکان، باشە ئەی خەڵکەکەی ئەو ناوچانە کە ڕاگوێزکران چییان لێکردن؟

بە دڵنیاییەوە پارێزەرانی ئێمە ئەوە دەکەنە پرسیار و دەڵێت باشە ئێوە دەتانوێت سنوورەکان بپارێزن و خەڵکەکە دور بخەنەوە بەڵام ئەو خەڵکەت چی لێکرد، کوان؟

دەبێت تاوانباران وەڵامیان چی بێت؟

یان کەسێک پرسیاری لە داواکار کرد کە ئەو فڕۆکانەی بالیسانی بۆردومان کرد عێراقی بون یان ئێرانی ئەگەر داواکار گوتیشی ئێرانیبیە بەڵام ئایا دەکرێت ١٢فڕۆکەی ئێرانی بە قوڵایی ٢٠٠کم بێنە خاکی عێراقەوە بەڵام فڕۆکە و هێزی عێراق نەتوانێت بەرهەڵستیان بکات؟

ئایا عێراق لەو کاتەدا بۆ بەیاننامەیەکی دەرنەکرد و بڵێ ١٢فڕۆکەی ئێرانی بە قوڵایی ٢٠٠کم هاتنە خاکی عێراقەوە و ئەو کارەیان کرد؟

ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ دادگا.

هەرچی دادوەرەکەشە بەڕاستی لێهاتووە و دەیەوێت دادگایەکی شارستانیانە نیشان بدات.

هەرچی مەسەلەی وەرگێڕانیشە لەسەرەتاوە باش نەبوو لەسەر داوای پارێزەرانی کورد ئەوانە گۆڕدران چونکە سەرنج بدەین وەرگێڕەکە هەندێک وشەی دەگۆڕی ئیدی لە نەزانییەوە بێت یان بە ئەنقەست بوبێت.

**دادوەر عەبدولباست فەرهادی**
**بەڕێوەبەری دادی گشتی**

دوای تاوانی دوجێل تاوانی ئەنفال لەلایەن دادگای تاوانی عێراقی باڵا دادبینی دەکا سەبارەت بەم دانیشتنانەی دادگا چەند خاڵێکم تێبینی کرد،

*** شەرعییەتی دادگا/** وەک دادگاکەی دوجێل پارێزەرانی داکۆکیکردنی لە تاوانباران تانەیان لە شەرعییەتی دادگا دا کە ئافوتێکی بێ سوودە لە ڕووی یاسا چونکە ئەم دادگایە بەپێی یاسای ژمارەی (١٠) ساڵی (٢٠٠٥) دامەزراوە کە



**عەبدولباسیت فەرهادی**

یاساکە لەلایەن پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عێراقی پەسەندکراوە ئەم پەرلەمانەش دەسەڵاتێکی دانپێنراوە لەلایەنە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆ، بۆیە پێم وایە داواکاری پارێزەران و تاوانباران ئاسنی سارد کوتینەوەیە دەربارەی ئەم خاڵە.

* دادخوازانی کورد زۆر بوێرانە و ئازایانە لەبەردەم دادگا کارەساتەکەیان خستەڕوو، بەڵام پێویستە ئاگادار بکرێنەوە کە مەبەستی پارێزەرانی تاوانباران لە پرسیارە لابەلاکان ئەوەیە بیسەلمێنن هێز و سوپای ئێرانی لە ناوچەکە بوون وەک بەرگری لە شار و شارۆچکەی عێراقی ئەوان ئەم کارانەیان کردووە بۆیە پێویستە هەوڵبدرێ لە دادگا ئەو تاوانانەی کۆکوژی و دژی مرۆڤایەتی کە دوای وەستانی شەڕی عێراق/ ئێران واتە دوای ١٩٨٨/٨/٨ زەق بکرێتەوە لە دادگا تا ئەو هەوڵەی پارێزەرانیان پوچەڵ بێتەوە و ئەو تاوانانەی پێش ئەم بەروارەش بوون باس لە شوێنە دوورەکانی لە سنووری ئێران بکرێ، هەروەها هەوڵبدرێ پەلە نەکرێ لە قسەکردنی دادخوازان تا وەرگێڕەکان بە تەواوی قسەکان و مەبەست لە قسەکانی وەرگێڕن، چونکە لە کاتی وەرگێڕان وەرگێڕەکان زۆرجار نەیان دەتوانی قسەکانی دادخوازان دەقا و دەق وەرگێڕن.

* چەند جارێک دەستەواژەی (مخربین) لەلایەن تاوانباران و پارێزەرانیان بەکارهات و دووجاریش سەرۆکی دادگا بۆیە پێویست بوو لەسەر پارێزەرانی کورد بەرپەچیان بدابانەوە وایان کردبوایە جارێکی دیکە پێشمەرگە بە (مخرب) ناوزەد نەکرێ و پێویستە پارێزەرانمان هەوڵیان بدابوایە جەخت لەسەر کارە تاوانکارەکانی لە مادەی (١١ و ١٢) یاساکە هاتووە بکەن کە ماوەی زۆریان لەبەردەمە بۆ هێنانەوەی بەڵگە بۆ دادگا خۆ دەکرێ لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر چەند کارمەندێکی کۆن ببەن بۆ دادگا لەوانەی ئاگادارن بریندارەکانی گازی کیمیاوی ناوچەکانی بالیسان و شێخ وەسانان هێنرانە نەخۆشخانە و لەلایەن ئەفسەرانی (امن و استخبارات) نەیانهێشت چارەسەریان بکەن و نەخۆشەکانیان بۆ گرتوخانە (حجز) کە کۆنە فەرمانگەی بەیتەری هەولێر بوو لە نزیک پەرلەمانی ئێستا گواستەوە ڕۆژانە چەند زامدارێک گیانیان دەسپارد و خەڵکی گەڕەکەکە کە زۆربەیان ئێستاش دانیشتووی هەمان شوێنن ئاگاداربوون بەتانی و چەرچەفیان دەدا پۆلیسە پاسەوانەکان تا لاشەی شەهیدەکانی لەناوبنێن و لەلایەن پیاوانی ڕژێم لەژێر خاکیان دەنان.

* دەنگۆی ئەوە هەیە کۆنە مستشارەکان و ئامرفەوجەکان دەبرێنە دادگا سەبارەت بەم خاڵەش بڕگەی شەشەمی مادەی ١٥ بە ئاشکرا باس لەوە دەکا هەر کەسێکی بەشداری لە تاوانەکان کردبێ سوود لە هیچ لێبووردنێکی پێش دەرچوونی یاسای دادگاکە نابینێ.


عومەر محەممەد

**هەر لەم بارەیەوە عومەر محەمەد سەرنووسەری ئەنفالستان گوتی:**

زۆر گرنگە تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، وەک جینۆسایدکردنی بەشێک لە کۆی مرۆڤایەتی بە جیهان بناسێنین، ئەم کۆمەڵکوژییەی بەعس دەستی پێکردبوو بیکەینە کێشەیەکی گرنگ و پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسییەی هەتا ئەمڕۆش لەسەر کورد بەردەوامە، بەڵام لەوەش گرنگتر بۆ ئێمە ئەوەیە ڕەهەندە فیکرییەکانی جینۆساید و ڕەفتارە هەنوکەییەکانی نیازی جینۆساید لە ڕیشە هەڵکێشین.

هەڵبەت بۆ ئەرکێکی لەمجۆرە گرنگ و لە هەمانکاتیشدا گرانە، بەر لە هەموو شتێک دەبێت لە ڕیشەکێشکردنی ڕەفتار و کەلتووری بەعسیزمەوە دەست پێبکەین، کە بێگومان کەلتووری بەعس کاریگەری بەسەر کۆمەڵگای عێراقی و تەنانەت بەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگاوە بەجێهێشتووە و هەتا ئەمڕۆش لە نێو خانەوادە و سیستەمی پەروەردە و دام و دەزگای سیاسی و ئیدارییەدا بە زەقی دەیانبینین.

بۆیە بۆ خوێندنەوەی هەر کۆمەڵکوژیەک دەرهەق بە ئێمە لەلایەن بەعسەوە چ لە هەڵەبجە بوو بێت یان لە ئەنفالدا و لە گوندێکی کوردستان، پێویستمان بە دامەزراندن و بنیاتنانی زیاد لە دەزگایەک یان سەنتەرێکی لێتوێژینەوە و لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی هەمەلایەنەی زانستییانە (سایکۆلۆژی، بایلۆژی، فسیۆلۆژی و سیاسی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری) هەیە، لە هەمووشی ترسناکتر ئەوەیە، کەوا ئێمە بێین جینۆسایدکردنی خۆمان لە گەورەیی قەوارەی کارەساتەکان و زۆری ژمارەی قوربانیەکاندا بناسینەوە، لە کاتێکدا تاوانی جینۆساید ئەوەندە گەورەیە بەپێی یاسا تەنها نیاز لە جینۆسایدکردن دەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە و بەهەمان ئەو یاسایانە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت کە بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دامەزراون، واتە کەسێک یان دەوڵەتێک نەک هەر تاوانەکەی ئەنجامدابێت، بەڵکو ئەگەر هەر نیازی جینۆسایدکردنیشی هەبووبێ و لە لێکۆڵینەوەدا دادگا نیازەکەی ساغبکرێتەوە، ئەوا بە تاوانی ئەنجامدانی جینۆساید سزا دەدرێت و بێئەوەی هیچ حەصانەیەک بیگرێتەوە، قورسترین سزای بۆ بڕیار دەدرێت لە دادگادا.

بۆیە ئێمە پێویستمان بەو تێگەیشتنە گشتییە هەیە کەوا ئەگەر ڕژێمێکی سیاسی وەک بەعس چ بە چەکی کیمیاوی بتخنکێنێ و بریندار و کوێرتبکا و چ لەبێ ئاوی و تینوێتیدا لە قەڵاکانی نوگرە سەلمان کوێرت بکا یان بتخنکێنێ و لاشەکەت بخاتە بەردەمی سەگە ڕەشەکان هەر جینۆسایدکردنەو بە سزای خۆی دەگات. لەوەها حاڵێکیشدا دادگا بڕیاری یاسایی خۆی دەدات، نەک وا تێبگەین خێرێکە و بە کوردی دەکات.

بۆیە ئێمە بەر لەوەی لە یادی ئەنفالدا برینی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بکولێنینەوە و ڕەخنە لە شایەتدانەکانیان بگرین لە دۆسیەی ئەنفالدا پێویستمان بەوەی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک ڕەفتارەکانی بەعس لە نێو خۆماندا بناسین و دەستنیشانیان بکەین و دەست بە کوشتنیان بکەین.


زەمان عەبدە

**- بەڕێز زەمان عەبدە بەرپرسی ڕێکخراوی ئەنفالەکانیش بەم جۆرە باسی دادگاییەکە دەکات**

ڕژێمی بەعس لە ماوەی ٣٥ ساڵی حوکمڕانیدا لە عێراق هەمیشە وەڵامی

خواستەکانی گەلی کوردی بە ئاگر و ئاسن داوەتەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ لەناوبردنی گەلی کورد و گۆڕینی سیمای کوردانەی کوردستان، بە ڕاگواستن و تەعریبکردن و قڕکردن کە بەپێی جاڕنامەی پاراستنی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ هەموو ئەم کردەوە دژە مرۆییانە دەچنە خانەی (جینۆساید)ەوە. بەعس بێ گوێدانە بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی مامەڵەی لەگەڵ دانیشتووانی کوردستان کردووە. دیارە شاڵاوی بە کۆمەڵ کوشتن ترسناکترین کردەیە کە ڕژێمی بەعس پیادەی کردووە لە کوردستان هەر لە بێ سەر و شوێن کردنی کوردە فەیلیەکان لە ساڵی ١٩٨٠ و دواتریش بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣ و لە ساڵی ١٩٨٨یش پرۆسەی ئەنفال هاتەدی کە سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و کوردستان ژیانی تیا سڕایەوە بە گشتی جگە لە هەر چوار پارێزگاکە و هەندێ لە قەزاکان. دیارە شاڵاوەکانی ئەنفال ترسناکترین کردەوەی جینۆساید بوو بە حوکمی ئەوەی ژینگە و باڵندە و گیانلەبەر و مرۆڤ هەمووی ئەنفال کرا کە ئێستا لەهەمبەر ئەو کارەساتە مرۆییە تاوانباران خراونەتە بەردەم دادگای تایبەت لە بەغدا کە دەکرێ ئێستا قسەی لەسەر بکەین جگە لە قۆناغەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ لە کاتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دیسان ڕژێم کۆمەڵێ خەڵکی بێ سەر و شوێن کردووە، بەڵام بەداخەوە لەم دادگایە تەنها باسی بێ سەر و شوێنکردنی شیعەکان کراوە بۆیە دەبێ ئێمەی کورد هەوڵبدەین بێ سەر و شوێنکراوانی کورد لە کاتی ڕاپەڕین بەشێ بن لەو دادگاییکردنە.

دیارە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٢١ ڕۆژێکی مێژووییە لە دیرۆکی گەلی کوردستان بە حوکمی ئەوەی ئەوانەی کوردیان ئەنفال کرد یان کوردیان بە بزن و شتی تر دەژمارد ئێستا لەبەردەم دادگادا وەکو گیانلەبەرێکی حۆڵ چۆکدادەن. ئەوان بەدەسەڵاتی ڕەهای خۆیان کوردیان چەوساندەوە، بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی مەدەنیانە و یاساییانە ڕووبەڕوویان دەبینەوە و هەر بەو ئاراستەیە کاری خۆمان دەکەین.

دیارە بۆ ڕۆژی دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی کارەساتی ئەنفال لیژنەی (داکۆکیکردن قەرەبووکردنەوەی ئەنفالکراوەکان) کە بەندەش تیا بە ئەندام کاری باش کراوە لەو ٣٦ پارێزەرە کە ئێستا بوونە ٣٩ پارێزەر شەش پارێزەمان ئامادەکرد بۆ ئەوەی لە بەغدا ئامادەبن لە کاتی دادگاییکردنەکە خۆشبەختانە توانیمان بەبێ هاوکاری و پشتگیری هیچ کەس و لایەنێک ئەم کارە ئەنجامبدەین، بەڵام لە بەغدا دکتۆر (بەرهەم) هاوکاری باشی پارێزەرەکانی کردبوو لە ڕووی ئاسانکاری هاتووچۆو شوێنی مانەوەیان.

خەڵک باسی ئەوە دەکەن لە شەقامی کوردی کە گوایە شاهیدەکان باش نەبوون، بەڵام ئەوانە شاهید نەبوون بەڵکو ئەوان سکاڵانووس بوون نەک شاهید جارێ نۆرەی شاهیدەکان نەهاتووە خستنەڕووی بەڵگەکان ماوە خەڵک وا دەزانن هەر یەک دانیشتنە، شاڵاوەکانی ئەنفال زۆر فراوانە و وڵاتێک وێرانکراوە دەکرێ دەیان دانیشتنی تر ئەنجامبدرێت، چونکە تاوانباران هەر ئەو (٧) کەسە نییە. باسی ئەوەش دەکرێ کە گوایە پارێزەرەکانی کورد بێ هێز بوون، بەڵام لە ڕاستیدا هێشتا دەوری پارێزەرانی کورد نەهاتووە هەرچەندە بەشداری باشیان کرد بۆ نموونە گۆڕینی وەرگێڕەکە لەسەر داوای پارێزەرانی کورد بووە لە ڕووی یاساییشەوە بەشداری پارێزەرانی کورد لە چوارچێوەی یاسادا بووە، بۆیە هەموو ئەندامانی دادگاکە دەستخۆشیان لێ کردون لە هەمانکات مام جەلال پێیانی گوتبوو ڕووی پارێزەرانی ئێراقتان سپی کرد. ئەگەر خەڵک وا بزانێ پارێزەرانی سەدام تاوانبارەکان بەهێزن ئەمە قەت وانییە ئەوان هیچیان بەدەستەوە نییە پەلەقاژەیانە و دەیانەوێ ببنە بەربەست لەبەردەم دادگادا بۆ کەسبکردنی کات یان گۆڕینی ڕێڕەوی دادگاکە بەلای ئێران و شتی تر.

کاتێ پارێزەری سەدام بە (سید الرئیس جمهوریە) ناوی سەدام دەبات سەرۆکی دادگا لێی توڕە دەبێ پێی دەڵێ تۆ ئسوڵی دادگا نازانی بۆچی ناڵێی تاوانبار لە وەڵام دەڵێ من نازانم مەلەفەکەم نەخوێندۆتەوە ئەمەیە وەڵامی نایاسایی پارێزەرانی سەدام. یان دەرکردنی پارێزەرانی سەدام مانای ئەوەیە کە ئەوان هیچیان پێ نییە.

لەلایەکی تر لە کاتی قسەکانی تاوانباران داننانی زۆری تیایە بە تاوانەکان کە تۆمار دەکرێت و دەستەی دادگا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن واش باشە پارێزەرانی کورد لەسەر قسەی تاوانباران بەشداری نەکەن بۆ ئەوەی بەردەوامبن لەسەر داننانەکان لەناو قسەکانیان.

لیژنەی داکۆکیکردن و قەرەبووکردنەوەی ئەنفالکراوەکان ژوورێکی عەمەلیاتی دامەزراندووە و کە هەمیشە لە ڕێگای ئەنتەرنێت و تەلەفۆن پەیوەندی بە پارێزەرانی بەشداربوو بکات لەکاتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە و چاودێری کردنی دادگاکە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان.

**لە پارێزگای دهۆکیش شاکر ئەتروشی هاوکارمان لەنێو دوو پارێزەردا ئەم بۆچوونەی وەرگرتووە.**

**پارێزەر: مەهدی بێسفکی**

ب دیتنا من شێوێ برێڤەبرنا دادگەهێ یێ باشە "هەرچەندە بتنێ سێ روینشتن یێن هاتینە کرن لێ د باشن و وەرگێران ژی باشە چنکو ئەو برادەرێ بکارێ وەرگیرانێ رادبیت" ئەو بخۆ پارێزەرە و خودان شیانە ژی.لێ تێبینیا من ئەوە بەری دادگەهکردنا (صدام)ی ب حەفتیەکێ ژ نوی داخواز ژ هندەک پارێزەرن دهۆکێ کرن کو بهێن ببنە دیدەڤانێ خێزانێن ئەنفالبویان و بەرەڤانیێ ژێ بکەن " ژ بەر نەبوونا دەمێ پێویست گەلەک پارێزەران کو دڤیان بەرهەڤ بن نەشیان بچن..

پارێزەر/ ڕەزڤان حەبیب تۆڤی

دادگەهکرن گەلەک باش برێڤە دچیت و هەتا نوکە مە چ تێبینی لسەر نینن. ب تنێ من دڤێت بێژم کو دڤیا (شاهد)ێن باشتر هاتبانە بەرهەڤکرن "هەر چەندە مە ل دهۆکێ (شاهدێن) باش یێن هەین لێ دڤێت هەمی پێکڤە د باش بان" و دەربارەی شێوێ وەرگێرانێ ژی ب دیتنا من ژ ئالیێ یاساییڤە ئەو وەرگێڕان نە گەلەکا سەرکەفتیە...

**بەڕێز محەمەد مستەفا ئەحمەدیش لەم بارەیەوە گوتی:** تا ئێستا گەورەترین تراژیدیا کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتبێ دەتوانین بڵێین ئەنفال کردنی کوردە کە ڕژێمی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی ٢٠ ئەنجامی دا.

ئەنفال تاوانێکی وا مەزن و بەربڵاوە لەگەڵ ئەو هەموو پەردەپۆشییەی کە ئەنجامدەرانی (لە ڕژێمی بەعس) بۆیان کردووە کەس ناتوانێ بیشارێتەوە، تەنانەت سروشت لە (بوسەیە و نوگرە سەلمان و حەزەر) حەزەر ناکەن لەو شایەدیە و ناتوانن هەتا سەر بن گومی بکەن.

تەبیعەتی دونیا هەروا بووە مرۆڤ بە مردن ون دەبێ، بەڵام ئەنفالەکان بە مردن ئاشکرا دەبن. کەللە سەر و ئێسک و پروسکیان و جلوبەرگیان دەبنەوە شایەدحاڵ و شایەدعەیان وە هەردەم لە زیندووەکان زیاتر بەڵگەیان پێیە. بیابانەکانیش تا ڕۆژی مەحشەر شایەدن و ناتوانن حاشا لەو تاوانانە بکەن کە لەسەر پشتیان ئەنجامدراوە.

ڕاستە دەڵێن شەهیدان نەمرن، بەڵام من تا ئێسکو پروسکی ئەنفال کراوی کوردم نەدیت نەمدەزانی زیندووی شەهید چۆنە و تەعەقولم نەدەکرد. لە ٢٠٠٦/٨/٢١ عەدالەتی خوایی وای کرد سەدام و دادرودەستەکەی بهێندرێنە دادگا لەسەر تاوانی ئەنفالکردنی خەڵکی بێ تاوانی کورد.

ئێمەی کورد بە دەسەڵاتی کوردیشەوە لە یەکەم دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤ چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووین بەڵام دوای ٢٠٠٣/٤/٩ ئومێدمان بەو هیوایە مسۆگەرتر بوو.

دەڵێین دەمێکی زۆرە یاساناسان و سوڕزانانی نێودەسەڵاتی کوردی خەریکی ئامادەباشی و ئامادەکارین بۆ ئەو دادگاییە هەر نەبێ تاوەکو بە دەردی سوێند خواردنەکەی جەعفەری بەبێ ئاگایی بەسەرمان تێنەپەڕێ، بەڵام ئەوەی لە دادگاییەکەی ٢٠٠٦/٨/٢٢ بینیمان ئەوپەڕی خەمساردی و نائامادەباشی کوردی بۆ ئەو دادگاییەی پێوە دیاربوو.

خۆ سەدان و باقی تاوانباران لە یەکەم چرکەی دادگاییەکە تفیان بۆ قوت نەدەدرا، بەڵام لە ناوەڕاستەکەی زۆر بەلاف و گەزافەوە دەیان ڕوانییە مەسەلەکە. سەدام لەوە دەترسا دەستو قاچ و هەرچی لەو ژوورەی بە موعجیزە لێی قیت بنەوە و شایەدی لەسەر بدەن بە زمانێکی ڕێکوڕەوان ئەوەی لەبن بەڕەیە بیهێننە سەر بەڕە، بەڵام کەچی بینی ئەو شایەدەی لە بەرامبەری بە جلی مرادخانی وەستابوو هیچی وای لەو مەرگەساتانە پێ نەمابوو سەرەڕای ئەوەش لەو هەموو پەڕۆ فیسۆرانەی یاسا و زمان لە کوردستان ئەو کوردی نەزانە و عەرەبی نەزانەیان لە کوێ هێنابوو کردبوویانە وەرگێڕ لە دادگا؟ کە زۆر لە وەرگێڕی کتێبەکانی پرۆگرامی پەروەردە و خوێندن دەچوو، من دەزانم دادگاییەکە دەسەڵاتی دادوەری کوردستان بەڕێوەی نابات، بەڵام بۆ ئامادەکاری هەق وانیە بەو ڕادەیە لێی بێخەبەر بین و ئەو هەڵە مێژووییەش بە هەدەر بچێ. دەبێ ئەوەش بزانین دەوڵەتی ئیسرائیلی حازری بەرهەمی ئەنفالی جولەکەیە لە جەنگی جیهانی دووەما کە ئێستاش تاوانێکە بە زیندوویی ڕاگیراوە و دەڵێی دوێنێ ڕوویداوە.

بەڵام ئەوەندە دەڵێیم خوا خێری قوربانییەکانمان بنووسێ چۆن کاتی خۆی خۆیان بوونە سووتەمەنی ئەو پرۆسە بەد ناوە ئاواش ئێستا دەبێ مشووری (مورافعە) و دادگایی سەدام و عەلی کیمیاوی لە ئەستۆی ئەوانا بێت.

تو خوا ئەنفالەکان لەو دونیاش لە بیرتان نەچێ لە مەحکەمەی خوایی شایەدیەکەی ئەویش هەر خەمی ئێوەیە بە تەمای زیندووەکانی سەدەی بیستویەک مەبن ئێمە غەمی شتی ترمانە. بەڵام ئاشی نەزانیش هەتا سەر خوا نایگێڕێ.

**بەختیار غفور باڵەکی**
**ماستەر لە یاسای تاوانکاری**

بە گەڕانەوە بۆ سیستەمی سەرەکی دادگای ڕۆما بە دیاردەکەوێت کە دادگای ناوبراو و بەپشت بەستن بە ناوەڕۆکی مادەی(٢٧)لە پەیڕەوی خۆیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیفەتی ڕەسمی نابێتە هۆکار بۆ دورخستنەوەی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری تاکەکان لەو کارانەی کە ژێردەستەکانیان پێ هەڵدەستن بەڵکو ئەم بیانووە نابێتە پاساو بۆ سووک کردنی ڕێژەی تاوانەکە ئیتر بەبێ گوێدانە ئەوەی تاوانبارەکە سەرۆک دەوڵەت یان حکوومەت بێت یان هەر ئەندامێک بێت لە حکوومەت یان پەرلەمانی هەر وڵاتێک بەشێوەیەکی دیکە دادگای ناوبراو بڕوای بە هیچ پارێزراویەک(حصانة) یەکی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی نییە بۆ لێپرسینەوە و سزادانی ئەو سەرکرادانەی کە بڕیاری تاوانکاری دەرهەق بە مرۆڤایەتی دەدەن ئەوەتانێ لە ماوەی(٢٨)هەمان سیستەمی دادگای ناوبراو زۆر بەڕوونی ئەو ڕاستییە بەدیار دەخا کە سەرکردە و بەرپرسە سەربازی و مەدەنییەکان بەرپرسن لەو کارانەی کە ژێردەستەکانیان ئەنجامی دەدەن و تاوانن بەپێی سیستەمی دادگا بە مەرجێک ئەم ژێردەستانە بە فەرمانی سەرکردەکانیان ئەم تاوانانەیان ئەنجام دابێت ئیتر فەرمانەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت و ئەگەر سەرکردە و بەرپرسەکان دەسەڵاتی خۆیان بەگەڕ نەخست بۆ ڕوونەدانی تاوان ئەوا بە بەرپرسیار دەژمێردرێن چونکە لەم کاتەدا ئاماژەیەکە بە ڕازیبوونی ئەم سەرکردانە بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە بەڵام بە شێوەیەکی نادیار(ضمني)


**بەختیار غفور باڵەکی**

جیا لەمانەش چەندین هۆکاری دیکە هەن بۆ بەرپرسیاریەتی تاوانکاری کە لە دادگای ناوبراو ئاماژەی پێکراوە لەمانەش:

١- سەرکردەی سەربازی یان ئەو کەسەی بەکاری سەرکردایەتی سەربازی هەڵدەستێ بەرپرسیارە لەو تاوانانەی کە دادگا بەتاوانی ژماردوون و لەلایەن ئەو هێزانە ئەنجام دراوە کە سەرپەرشتی دەکات و ئەگەر سەرکردەکە وای نیشاندا کە بەشێوەکی ڕەها سەرپەرشتیی هێزەکانی نەکردووە یان بە فەرمانی ئەو و سەرپەرشتی ئەو دانییە ئەوا لەم کاتەش بەرپرسە چونکە:

م- سەرکردەی سەربازی دەبێ بزانێ یان زانیاریی هەبێ کە هێزەکانی کاری تاوانباری لە جێگایەک ئەنجام دەدەن بەهۆی بارودۆخی ناوچەکە.

ب- ئەگەر سەرکردەکە هیچ کارێکی ئەنجام نەدا بۆ ڕاگرتنی ئەم تاوانانە لە ڕووی لێپرسینەوە لە ڕوودانی ئەم تاوانکارییانە.

٢- سەرکردەی سەربازی بەرپرسیارە لە تاوانی سەرکردە مەیدانییەکان ئەگەر هاتوو وای نیشاندا کە دەسەڵاتی بەسەر هێزەکانی نەماوە لەبەر ئەوەی گوێی نەداوەتە هەندێک زانیاری کە ئاماژە بە ڕوودانی تاوان و یان کاری پێویستی ئەنجام نەدا بۆ ڕاگرتنی ئەم تاوانکارییە.

بۆیە بە وردبوونەوە لە ناوەرۆکی هەر دوو مادەی ٢٧و ٢٨ی یاسای بنەڕەتی دادگای ڕۆما ئەو ڕاستییە دیارە کە دادگای ناوبراو هیچ بونێک بۆ سیفەتی ڕەسمی ناژمێرێت بۆ سووک کردن یان سزانەدانی سەرکردە سەربازییە باڵاکان لەو تاوانانەی کە سەرکردە مەیدانییەکان ئەنجامی دەدات بۆیە ئەو تاوانانەی سەدام و سەرکردە سەربازییەکانی دیکەی باڵا کە ئەمڕۆ لە قەفەزی دادوەریین ئەوا سەرجەمیان ناتوانن بە بیانوی سیفەتی ڕەسمی پێشوویان کە سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان یان وەزیری بەرگری یان سەرکردەی هەواڵگریی سەربازی بونە ئەوا لە تاوانەکان دەربچن بەڵکو هەموویان بەرپرسیاری سەرەکین لە ڕوودانی تاوانی ئەنفال و گشت تاوانەکانی دیکە و بۆیە هەر بڕوبیانوویەک و دەفعێک کە پارێزەرەکانیان لەم بوارە دەخنە بەردەم دادگا ئەوا هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ڕێرەوی دادگا و دەرەنجامەکانی.

**عەدالەت عومەر سالح**
**چالاک لە بواری ئەنفال**

پێش ئەوەی بچمە ناو ناوەرۆکی بابەتەکە کورتە باسێک لە سەر ئەنفال دەکەم، بەدرێژای مێژوو کوردان بە گشتی لە سەر خاک و وڵاتی خۆیان دووچاری سیاسەتی غەدرلێکردن و چەوساندنەوەولەناوبردن

بونەتەوە، لە کوردستانی عێراقیشدا رژێمە یەک لە دوایەکەکانی ئەم وڵاتە بەبەردەوامی و نەپچڕاوەیی لە سەر کوتکردن و داپلۆسینی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیەدا بونەو بە هەموو شێوە و ڕێگایەک ویستویانە ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە، هەڵبەتە ئەو کردارەشیان بە بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بووە و ستراتیژییەت و تاکتیکی گونجاو و لەباریشیان بۆ داڕشتووە. راگواستنی بە کۆمەڵی خەڵکی کورد لە سەر زێدی باب و باپیرانیان و پراکتیزە کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کورد نشینەکان بەهێنانی هاووڵاتی عەرەب پاداشتکردن و دابینکردنی خانوو دارایی بۆیان و تێکدان و ڕوخاندنی گوند و دێهاتەکان و کیمابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە سوران هەتا بادینان بەتایبەتی شاری هەڵبجەی شەهید، کە لە چاو چوقانێکدا زیاتر لە ( ٥٠٠٠ ) پێنج هەزار کەس بەگازی قەدەغەکراوی کیمیاوی خنکێران و بە دەیان هەزارانی دیکەش بریندار بوون و کە تاوەکو ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەم گازە کیمیاویە بەردەوامە و خەڵکی ئەو ناوچانە بەدەستیەوە دەناڵێنن زنجیرە یەک لە دوایەکەکانی ئەو تاوانانەن. وەلێ لوتکە و ترۆپکی هەمووئەو تاوانانە خۆی لە (ئۆپەراسیۆنی ئەنفال) دابینیەوە. کە بە پرۆگرامێکی دارێژراوی پێش وەختی رژێمی عێراق بەرێوە چوو بەڵی تاوانێک کە چەند مانگێک لە (٢٣ یشوبات تا ٦ ئەیلولی ١٩٨٨ ) لە هەشت قۆناغی جیاجیادا بەبەرچاوی وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و (UN) و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ رویداو زیاتر لە ( ١٨٢٠٠٠ ) سەدو هەشتا و دوو هەزار هاووڵاتی کوردی سیڤیل تیایدا شونبزرکران و زیاتر لە ( ٤٥٠٠ ) گوند و لادێی کوردستانیش تەفرو تونا کراو سوتێندران کە بە سیاستی خاک سوتاندن ناوزەد دەکرێت " هەروەها گەرانەوە بۆ سیستەمی عبودیە (واتە کرین فروشتنی بەندە) بازرگانی بە ئافرەت و منداڵانی کوردوە کرد. بەڵام بەداخەوە کەسێک دەنگی لێوەنەهات و دنیا لێی بێ دەنگ بوو، تەنانەت ڕوو ناوەرۆکی ئەم تاوانە بی وێنەیە لەگەلأ ئاستی گەورەیی و دڕندانەی نەبوونە کە رستەو هەوێنی دەزگاکانی راگەیاندن و نەورژێنران، پێویستە ئەوەش بگوترێت

کەبەر لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨ دا پێشتریش سیاسەتی جینۆسایدی کوردان بەچەند شێوازێک ئەنجامدراوە. ئەوەتە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بەدەیان هەزار هاووڵاتی کوردی فەیلی شونبزر کران و لە ساڵی ١٩٨٣ دا زیاتر لە ( ٨٠٠٠ ) هەشت هەزار هاولاتی بارزانی بەپرۆسەیەکی دارێژراوی رژێمی عێراق بێسەرو شوێنکران و ئێستاش بە دروستی نازانرێت چارەنوسیان چی یە ؟

دیارە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتوەکان (UN) و وڵاتە زلهێز و باڵادەستەکان بەرپرسیاری یەکەمن بەرامبەر ڕوودانی ئەو تاوانە بێ وێنەیە، بێگومان دابەش بوونی جیهان لەوکاتدا بەسەر دوو جەمسەر (بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا) و بەیەک گەیشتنەوەی بەرژەوەندییەکان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەو تاوانانە. وەلێ ئەمرۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و رووداوانەی کە هاتنە پێشەوە و لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ئاشکرا بوون و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵأ کە بەڵگەی واقیعین لە سەر ئەو تاوانە، بۆیە پێویستە لە کاتی دادگایی کردنی تاوانباران فایلی ئەنفال ببێتە گەورەترین کەیسی سەدەی رابردو لە مەر جینوساید هەوڵ بدریت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) زیاتر بایەخ بەم پرسەوە بدەن و لە بنج و بنەوانی بکۆڵنەوە و هەولأ بۆ بە ( نێونەتەوەیی کردنی کارەساتی ئەنفال) بدرێت و پاش دادگایەکەش دەستبەجێ قوربانیان و زیان لێکەوتوانی قەرەبوو بکرێنەوە ، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا هەروەک بینیمان چۆن نەتەوەیەکگرتوەکان (UN) رەزامەندی خۆی نیشاندا لە سەر قەرەبووکردنەوەی خێزانی گیراوە کوێتییەکان کە ژمارەیان تەنها (٦٠٢) کە سە و بڕی ( ١٦١ ) ملیۆن دیناریان پێ درا. کە کاتی خۆی لە کاتی داگیر کردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن ڕژێمی عێراق گیرابوون ئاواش خێزانی ( ١٨٢٠٠٠ ) هەزار کەس قەرەبوو بکرێنەوە. هەر نا بۆ ئەوەی کەمێک لە مەینەتی و تەنگ و چەڵەمەکانیان کەم بکرێتەوە، هیوادارم بابەتەکەم هەولێک بێت بۆ ئەم مەبەستە.

## رائید جوحی سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە:

## **سەدام تۆمەتبارە و هەر بەو ناوەشەوە دەچێتە هۆڵی دادگا نەک بە سیفەتی سەرۆک کۆماری عێراق**

دادوەر ڕائید جوحی سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە لە دادگای باڵای تاوان لە عێراق، کە تایبەتە بە دادگاییکردنی سەدام و داروودەستەکەی ڕایگەیاند کەوا هۆی گۆڕانی هەڵسوکەوتی سەدام لەناو دادگادا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێستا ناوبراو ئەو هەستەی لەلا دروست بووە کە ئەو بە سیفەتی تۆمەتبار دەهێنرێتە دادگا نەک بە سیفەتی سەرۆک کۆماری عێراق.

جوحی لە لێدوانێکدا بۆ "شەرقولئەوسەت" ڕایگەیاند: لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا لەگەڵ سەدام "هەوڵم دەدا بۆی ڕوون بکەمەوە کە ئەو تۆمەتبارە و هەر بەو ناوەشەوە دەچێتە هۆڵی دادگا، سەددامیش لەگەڵ خۆیدا ئەو ڕاستییەی باش دەزانێ، بەڵام دەیەویست لەبەردەم کامێراکاندا بەهۆی وتارە سیاسییەکانی ڕای گشتی بگۆڕێت.

هەروەها جوحی ڕوونیکردەوە کە سەدام ئێستا وازی لەو سروشتە هێناوە و وەک تۆمەتبارێک لەدادگادا هەڵسوکەوت دەکات.

لە درێژەی لێدوانەکانیدا دادوەر جوحی ستایشی ڕۆڵی دادوەر عەبدوڵڵا عەلی عامری کرد و لەمبارەیەشەوە دووپاتیکردەوە کە دادوەری ناوبراو لە دانیشتنە سەرەتاییەکانی کێشەی ئەنفالدا سەلماندوویەتی کە بەهۆی شارەزایی و قووڵبوونەوە لە کارەکەی خۆیدا دەتوانێ بەشێوەیەکی یاسایی و زیرەکانە دادگاییکردنەکە بە ئارامی بەڕێوە ببات.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە کێ تاوانباری یەکەمی کێشەی ئەنفالە، ڕائید جوحی گوتی: لە بواری دادوەیدا، تاوانبار تاوانبارە و شتێکی وا لە ئارادا نییە کە کێ تاوانباری یەکەم و کێ هی دووەمە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە گشت ئەو تاوانبارانە بە یەک تاوان ڕەوانەی دادگا کراون کە ئەویش تاوانی قڕ کردن و ئەنفالکردنی گەلی کوردە.

هەروەها گوتی: لە کاتی گوێگرتنم لە شکاتکار و شایەتەکان، بۆم دەرکەوت کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان عەلی کیمیاوی و سەدام حوسێن بە تاوانباری سەرەکی دادەنێن بەڵام لەدادگادا گشت تۆمەتباران وەک یەک سەیر دەکرێن.